


لەتیف هەڵمەت

# هەوڵە نوێگەرییەکان لە کوێوە و بەرەو کوێ

**گەڕان بە دوای دۆزینەوەی بنەماکاندا:**

بەرلەوەی باسی ئەو بزووتنەوە گەورەیە بکەین، کە لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەمدا لە ئەتڵەسی ڕۆشنبیریی کوردیدا رووی دا، پێویستە باسی ئەو راپەڕینە ڕۆشنبیرییە بکەین، کە لە چل و پەنجا و شەستەکانی ئەو سەدەیەدا لە ئەتڵەسی ڕۆشنبیریی عیراقدا رووی دا.

لە عێراقدا دوو هۆکاری گەورە هەبوون بۆ بەرپابوونی ئەو بزاوتە ڕۆشنبیریە گەورەیە کە ئەمانەن:

**١- حزبی شیوعیی عیراقی:** لە ڕێگەی ئەم حزبەوە کە ئەوسا (نەک ئێستا) بەروبووم و بەرهەمی ڕۆشنبیریی وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیزم لەو ساڵانەدا بە ئاشکراو بە نهێنی دەگەیشتە عیراق و هەر لەو

رێگەیەوە دۆستۆیڤسکی و تۆڵستۆی و شۆلۆخۆف و تۆرژنێف و مەکسیم گۆرکی و پۆشکین و لێرمنتۆف و گۆگۆل و مایکۆڤسکی و یەفتۆشنکۆ و دەیان شاعیر و چیرۆکنووس و رۆماننووسی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و وڵاتانی چەپخواز لە عیراقدا ناسران و بەرهەمەکانیان بوو بە شەوچەرە و توێشەبەرەی رۆشنبیرانی عیراق..و دیدو بۆچوونو نوارگە کۆنەکانی خوێنەرو رۆشنبیریی عیراقیان گۆڕی و بیرسا و نووچە و هاوێنەیەکی نوێیان پێ بەخشی.. ئەگەرچی ئەم بارودۆخە نوێیە لەلای هەندێ لە رۆشنبیران ئایدیایەکی تایبەتی سەرمەستیکردن و شیعر و چیرۆک و رۆمانیان کرد بە کەرەسەی ریکلام و پڕوپاگەندەکردن بۆ ئەو ئایدیایە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو بارودۆخە بوو بە پزدانی لەدایکبوونو گەشەکردنی رۆشنبیرییەکی نوێ لە عیراقداو لە دەرەنجامی ئەو بارودۆخەدا شاعیرانی وەکو بەدر شاکر سەیاب و بلّند حەیدەری و حوسێن مەردان و عەبدولوەهاب بەیاتی و سەعدی یوسف و ئەلفرێد سەمعان و نازک ئەلمەلائیکە و هونەرمەندانی وەکو جەواد سەلیم و فایەق حەسەن و دەیان نووسەرو هونەرمەندی ناوداری دیکە دەرکەوتن و گەلێ شاکاری نەمریان لە بواری شیعر و هونەردا بە عیراق و مرۆڤایەتی بەخشی.

**٢- کۆمپانیاکانی نەوتی باشووری عیراق و کەرکوک:**

**ئەم کۆمپانیایانە سەر بە ئیمپریالیزمی جیهانی بوون و بەریتانیا بەڕێوەی دەبردن و ئایدیایەکی دژ بە حزبی شیوعی و بەرەی سۆشیالیزمیان هەبوو، بەڵام دەورێکی باڵایان بینی لە ناساندنی رۆشنبیریی ئینگلیزی بەتایبەتی و رۆشنبیریی رۆژئاوایی بە گشتی، بە خوێنەران و رۆشنبیرانی عیراق.**

لەو کلاوڕۆژنەیەوە شاعیران و هونەرمەندانی وەکو ت.س. ئیلیۆت و ئۆدن و بایرۆن و شیلی و بۆدلێر و ڕامبۆ و مۆلێر و والت ویتمان و برێخت و بیکیت و سارتەر و کامۆ و کافکا و هونەرمەندانی وەکو: سیلڤادۆر دالی و گۆگان و بیکاسۆ و سیزان و ڤان کۆخ و دەیان شاعیرو نووسەرو هونەرمەندی دیکەیان بە خوێنەر و رۆشنبیرانی عیراق ناساند.. نابێ ئەوەشما لەبیر بچێت کە گرووپی کەرکووک لە کۆتایی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابوردوودا لە کەرکووک پێکهات و رۆڵی گرنگی لە بواری نوێخوازیدا لە سەرانسەری عیراقدا بینی و کاریگەریی خۆی لەسەر رۆشنبیریی ئەو ساڵانەی عیراقدا بەجێهێشت، ئەو گرووپە زادەی بوونی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک بوو..

جگە لەوانەش گۆڤاری «الاداب» و «شعر»، کە لە لوبنان دەردەچوون و گۆڤاری «الهلال»، کە لە میسر دەردەچوو، کاریگەریی جیاجیا و هەمەجۆری خۆیان هەبوو لەسەر بنەماکای رۆشنبیری و رۆشنبیرانی عیراق و لە ئەنجامی هەرەوەزیی ئەو هۆکارانەدا ورچەرخانێکی گەورە لە زەمینەی لیتراتۆری عیراقدا رووی داو لە ئەنجامی ئەو ورچەرخانەدا بەرەی کۆنخواز شکستی هێناو رۆشنبیرییەکی نوێخواز و دژەباو هاتە کایەوەو هەر لەو چەنانەدا گۆڤاری نوێخوازی «شعر ٦٩»ی عیراق و گۆڤاری پەپرەوێ «الثقافة الجدیدة» و گۆڤاری نوێخوازی «الکلمة» لە شاری نەجەفی پیرۆز بڵاوبوونەوەو فازڵ عەزاوی و فەوزی کەریم

و سامی مەهدی و خالید عەلی مستەفا لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری «شعر ٦٩»دا بەیاننامەیەکی نوێگەرییان بڵاوکردەوە و بەیاننامەکە تاکو ئێستاش جێ پەنجەی بە رەوتی نوێگەریی رۆشنبیری و رۆشنبیرانی هەموو عیراق و هەندێ وڵاتانی عەرەبییەوە دیارە، ئەو کاریگەرییەی «البیان الشعری» گەلێ ناوچەی کوردستانی باشووریشی گرتەوە، بەتایبەتی پارێزگای کەرکووک و سلێمانی. هەر لەژێر کاریگەریی لە سەدا سەدی ئەو بەیاننامە شیعرییەشدا بوو، برادەرانی روانگە لە ساڵی (١٩٧٠)دا بەیاننامەی روانگەیان دەرکرد.

لێرەدا نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ، لە ناوەندی شەستەکانی سەدەی رابورووا، من و (ئەنوەر فەرهاد شاکەلی) لە ئێستگەی کوردیی بەغداو هەندێ چاپەمەنیی ئەو دەمەدا بابەتەکانمان بڵاودەکردەوەو بەردەوام شیعری پڕ لە هەلومەرجی نوێخوازی و دژەباومان لە بەرنامە شیعرییەکانی خوالێخۆشبوو «جەلالی میرزا کەریم و عەبدوڵڵا عەباس»دا بڵاو دەکردەوەو چەند بابەتێکیشمان لە رۆژنامەی «نور» و گۆڤاری «رزگاری» و «العمل الشعبی»ی ئەو ساڵانەدا بڵاوکردەوە. جگە لەوەش یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەم (خواو شارە بچکۆلەکەمان) لە سەرەتاکانی ١٩٧٠دا بڵاوبووەوە، واتا چەند مانگێک بەر لە نووسین و بەر لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی برادەرانی روانگە ئەو کۆمەڵە هۆنراوەیەم کەوتە بازاڕەوە..

بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین چ گرووپی کفری و چ گرووپی روانگە هەردوو لایان لەژێر کاریگەریی ئەدەبی دژەباوی عەرەبیو ئەورووپاییدا شەنگەستەی نوێخوازییان داناوە و ناشکەومە هیچ هەڵەیەکی مێژووییەوە ئەگەر بڵێم چ زۆر و چ کەم کاریگەریی گرووپی کفری بەسەر روانگەییەکانەوە هەبوو، چەند جارێکیش چ وەکو تاک و چ وەکو کۆ هەوڵی بینین و کۆبوونەوەیان (بەر لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەیان) لەگەڵ برادەرانی گرووپی کفری دەدا..

هەرچۆنی بێ وەکو بڵاوکردنەوەی -دەق- و -دۆکۆمێنت- گرووپی کفری چەند ساڵێک لە پێش روانگەدا بوونیان هەبووە، بەڵام ئاشکرایە وەکو بەیاننامە گرووپی روانگە نزیکەی ساڵێک بەر لە گرووپی کفری بەیاننامەیان بڵاوکردووەتەوە..

شایانی هێنانە یادە برایانی گرووپی روانگە بە ئیمزای (شێرکۆ بێکەس و حسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی و جەمال شارباژێڕی و جەلالی میرزا کەریم و کەمال رەئووف محەمەد) بەیاننامەکەی خۆیان ساڵی (١٩٧٠) بڵاوکردەوە. بەڵام گرووپی کفری لەبەر هەندێ ململانێی وێژەیی و رامیاری بەیاننامەکەیان دواکەوت و ساڵی ١٩٧١ لە دووەم کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر، بە سەد روونووسی دەستخەت بە ئیمزای لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر شاکەلی بڵاوکرایەوەو دیسانەوە هەموو کەناڵەکانی راگەیاندنی ئەو سەردەمە بەربەستیان خستەڕێی بڵاوکردنەوەی و لەو بارەیەوە کەم و زۆر جێدەستی هەندێ لە برایانی کرووپی روانگەو لایەنگرانیان لە رۆژنامەکاندا دیاربوو.

تاکو ئێستاش ئەو نامەیەی (ئەنوەر فەرهاد شاکەلی)م لەلایە کە لەو یەک دوو ساڵەدا بۆی ناردووم و باسی ئەوەی تیادا دەکات، کە

دەبێ ددان بەوەدا بنێین چ گرووپی کفری و چ گرووپی روانگە هەردوو لایان لەژێر کاریگەریی ئەدەبی دژەباوی عەرەبیو ئەورووپاییدا شەنگەستەی نوێخوازییان داناوە و ناشکەومە هیچ هەڵەیەکی مێژووییەوە ئەگەر بڵێم چ زۆر و چ کەم کاریگەریی گرووپی کفری بەسەر روانگەییەکانەوە هەبوو

روانگەییەکان ئەو شیعرانەی من و ئەویان ونکردووە، کە بۆ -هاوکاریـ-مان ناردووە و ئەگەر پێویست بکات نکوولّیم لە بلاّوکردنەوەی نییەو ئەو جۆرە ململانێیە لەو سەردەمەدا باوبوو. جاری وا هەبوو شەش مانگ رێگری لە بەرهەمەکانی من دەکرا لە چاپەمەنییەکانی ئەو رۆژگارەدا.

## هەواڵ و سەربووردەکانی پێش بلاّوکردنەوەی بەیاننامەی روانگە:

بەر لەوەی باسی ناوەڕک و جیاوازییەکانی هەردوو بەیاننامەکە بکەم، دەبێ ئەوە رووماڵ بکەم کە دوای بلاّوبوونەوەی یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەم (خواو شارە بچکۆلەکەمان) لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٧٠)دا.. کە ئەو دەمە هێشتا بەیاننامەی روانگە بلاّونەبووەوە، کاک شێرکۆ بێکەس لە دیدەنییەکیدا بۆ کەرکووک هەواڵی منی لە خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدولعەزیز خانەقا پرسی بوو.. وتبووی حەز دەکەم چاوم پێی بکەوێ و دیوانەکەییم زۆر بە دڵە.. ئەو جارە نەلوا من و شێرکۆ بێکەس یەکدی ببینن و کاک شێرکۆ بە مامۆستا خانەقای گوتبوو ئەگەر لەتیف هەڵمەت رێگەی کەوتە سلێمانی حەز دەکەم دیدەنیی کۆمەڵەی هونەر و وێژ بکات، لەوێ من دەبینێ..

ئیتر هەر لەو ماوەیەدا رێگەم کەوتە سلێمانی و لە کۆمەڵەی هونەرو وێژە لەگەڵ کاک شێرکۆدا یەکترمان ناسی، کات هاوین بوو لە حەوشەی کۆمەڵەی هونەرو وێژدا کۆمەڵێ لاوی شاعیرو هونەرمەندو خوێنەری دڵسۆز کۆبوونەوە لێمان و کاک شێرکۆ منی پێ ناساندن و زۆر بە دڵگەورەیی و سنگفراوانییەوە گوتی ئەزموونی لەتیف هەڵمەت ئەزموونێکی شیعریی نوێیەوەو جیاوازە لە ئەزموونی هاوچەرخەکانی خۆی. ئەنجا داوای لێ کردم شیعرێک بۆ ئامادەبووان بخوێنمەوە..

من نایشارمەوە ئەو قسانەی کاک شێرکۆ زۆر دڵی خۆش کردم.. هەروەها بەر لە بلاّوکردنەوەی بەیاننامەی روانگە، ئەندامانی گرووپەکە بەڕێزان: (حسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی و جەمال شارباژێری و شێرکۆ بێکەس) هەروەها کاک عەبدولّلا پەشێو، کە نەچووە بازنەی روانگەوە، لە ماڵی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدولعەزیز خانەقا لەگەڵ گرووپی کفری و چەند نووسەرێکی کەرکووکدا دانیشتن، لەوانە: (ئەنوەر- فەرهاد شاکەلی و عەبدولسەلام محەمەدو لەتیف حامیدو سەدرەدین عارف و لەتیف هەڵمەت). لە دانیشتنەکەدا ئەوەیان پێشنیار کرد، کە هەردوولا بەیاننامەیەکی هاوبەش بلاّو بکەینەوە، بەلاّم ئێمە رێکنەکەوتین و ئیتر ئەوان گەڕانەوە و خۆیان بەیاننامەکەیان بلاّوکردەوە.

لە لاپەڕە (٨)ی (هەرسێ ژمارەکەی گۆڤاری روانگە)دا شێرکۆ بێکەس بەشێوەیەکی لام سەرلا باسی ئەم دانیشتنەی کردووە، بەلاّم من حەزم کرد لێرەدا سەربوردەکە دەقاودەق وەکو خۆی بۆ مێژووی وێژەکەمان تۆمار بکەم.. بەلاّم شێرکۆ لە لاپەڕە حەوتی چاپکراوی ناوبراودا بە ئاشکرا ددانی بەوەدا ناوە کە جگە لە روانگە لایەنی دیکەش لە کەرکووک و کفری و سلێمانی و هەولێرو دهۆک لە بواری نوێخوازیداو لە هەمان رۆژگاردا بوون و کۆششیان بووە.. ئەم قسەیەی شێرکۆ لەلایەکەوە راستەو نکۆڵیی لێ ناکرێ، لەلایەکی

# بەیاننامەی روانگە بە ئەقڵکاری و هۆشیارییەوە نووسراوە تا رادەیەکی زۆر موحافیزکارانەیە

دییەوە زیادەڕەویی تیایە.. چونکە هەوڵی ڕەسەنی نوێگەری لە ناوەندی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە هەولێر دەستی پێکردو لەگەڵ دەرچوونی -ئاو- و -لم نیازمە-ی عەباس عەبدوڵڵا یوسف و -زێوان-ی سەباح رەنجدەر و دووکەڵ-ی هاشم سەراج و -خەمبابا-ی محەمەد باوەکر و -خۆرباران-ی ئەنوەر مەسیفی و بەیاننامەی (پێشرەو)اندا خۆی بەرجەستەو تۆکمە کردو بوو بە دیاردەیەکی نوێ و لە دهۆکیش دیسانەوە لە ناوەندی حەفتاکاندا نوێخوازی لە شیعرەکانی عەبدولڕەحمان مزوری و خەلیل دهۆکی و موحسین قۆچان و موئەیەد تەیب و عارف حیتۆ) و هتد سەری هەڵداو گەشەی کردو بوو بە ڕێبازێکی نوێ، بەڵام شێرکۆ بە مەبەستی کەمکردنەوە لە سەنگ و بەها و بایەخ و پێشڕەوایەتیی گرووپی کفری، دیاردەی نوێگەریی بە شێوەیەکی گشتگیر باسکردووە.. ئەگینا گەلێ ناوەندی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی دوژمنیایەتیی شیعرو ڕۆشنبیریی نوێخوازو دژەباویان کردو نەفرەت و سووک و رسواییان بەسەردا بارێنراو ڕێگرییان لێ کراو بە هەزار زەحمەت و ناریعەلی دواتر توانییان جێپێی خۆیان قایم بکەن و بارودۆخە ڕۆشنبیرییەکە کۆنترۆڵ بکەن و لەو پێناوەدا هەندێ لە ئەندامانی گرووپی کفری و روانگەش بەردەباران کران و قسەی زوشتیان پێکراو جەزرەبەی دەروونی دران..

## ناوەرۆک و جیاوازییەکانی بەیاننامەی روانگە و بەیاننامەی گرووپی کفری:

١- بەیاننامەی روانگە بە ئەقڵکاری و هۆشیارییەوە نووسراوە تا رادەیەکی زۆر موحافیزکارانەیەو باسی ڕاپەڕینی نەتەوەو وێژەی شۆڕشگێری و پەیوەستبوو بە نەتەوەوە دەکات نەک شۆڕشی ئەدەب دژی دەقە لاساییکاری و باوەکان.

٢- زیاتر پەل بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکانو کێشەی نەتەوەیی دەهاوێ و کەمتر باسی گۆڕانکاریی ڕۆشنبیری دەکات و وەکو مانگی سووری ئیسلامی و خاچی سووری نێودەوڵەتی ئەرک و خزمەتگوزاریی فریاکەوتن دەگرێتەخۆی، ئەوەتا لە برگەیەکی بانگەوازەکەدا هاتووە:

(ئێمە وەها بەئاواتەوەین، کە بتوانین لە کۆڕی ئەو جەنگە پیرۆزەدا سەدان بەهرەی ڕۆشن لە دەم گورگی چەقین و کپبوون بسێنینەوە.. سەدان ئەستێرەی گەش لەژێر باڵی تاریکی دەرکێشینەوە دەرەوە... سەدان خونچەی هیوا لە سیسبوون و بگرە سەدان گوڵی بۆنخۆشیش لە هەڵوەرین ڕزگار بکەین).. ئاخر ئەم ئەرک و کارانە، کار و بەرنامەی ڕێکخراوە خێرخوازەکانە یا ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری؟

٣- بەیاننامەکە کە ئێستا بە -بەیاننامە- ناوی دەرکردووە، بەیاننامە نییەو -بانگەواز-ەو هەر لە یەکەمجاری بڵاوکردنەوەیەوە بەناوی -بانگەواز- بڵاوکراوەتەوە.. پێویستە لەمەودوا ئەم خاڵە باس و لێکۆڵینەوەکاندا بەهەند وەربگیرێ.

٤- لە خاڵێکی دیکەی بانگەوازەکەدا هاتووە: (ئێمە دژی ئازار دەجەنگین) ئەمە ئەرکی دەوڵەت و وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی پەروەردەیە.. هێوری و ئاشتی و داودەرمان و کتێب و دەفتەرو قەڵەم و دانەوێڵەو

گەلێ ناوەندی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی دوژمنیایەتیی شیعرو ڕۆشنبیریی نوێخوازو دژەباویان کردو نەفرەت و سووک و رسواییان بەسەردا بارێنراو ڕێگرییان لێ کراو بە هەزار زەحمەت و ناریعەلی دواتر توانییان جێپێی خۆیان قایم بکەن و بارودۆخە ڕۆشنبیرییەکە کۆنترۆڵ بکەن و لەو پێناوەدا هەندێ لە ئەندامانی گرووپی کفری و روانگەش بەردەباران کران و قسەی زوشتیان پێکراو جەزرەبەی دەروونی دران

بەروبووم بۆ گەل دابین بکەن و خەم و خەفەت و ئازاریان کەمبکەنەوە، نەک ئەرکی گرووپێکی رۆشنیری، چونکە بە راستی نووسەر ناتوانێ ئازاری خۆی کەمبکاتەوە، چجای ئازاری خەڵکە دیکە.. نووسەر تەنیاو تەنیا ئازاری ئەوانی دی دەخاتە بەرچاو و رووماڵی دەکات، ئەگینا چارەسەری ژان و ئازاری لەلا نییە.

٥- لە برگەیەکی دیکەی کۆتاییدا بانگەوازەکە دەڵێ: (نووسینمان نوێخوازە بۆیە لە کۆن یاخی دەبێت) شایانی باسە لێرەدا کۆن بە گشتی رادەماڵێ و لە سەرەتاو ناوەندی بانگەوازەکەدا جیاکارییەکی لەنێوانی جۆرەکانی کۆندا دەکەن و هەندێ کۆنیان دەوێ و بەرپەرچی هەندێکیشی دەدەنەوە.

٦- لە بانگەوازەکەدا هاتووە: (نووسینمان سەربەست و ئازادە، بۆیە گشت کۆت و زنجیرێک ئەپچڕێنێت). ئەگەر مەبەستیان کۆت و زنجیر لە یاساو رێسای شیعر و چیرۆک و رۆمانی کۆن و ئاسایی باو بێت.. هەتا ئێستاش شیعری شاعیرانی روانگە پابەستەی ئەو جۆرە کێش و سەروایانەیە کە بەر لە بانگەوازەکە باو بووە و کاک شێرکۆ خۆی هەر دەقێکی شیعریی بێکێش و سەروا بڵاو بکاتەوە لێی دەنووسێ (پەخشانە شیعر)و چیرۆکنووس و رۆماننووسانی ئیمزاداری بانگەوازەکەو هاورێکانیان تاکو ئێستا لاسایی و پێڕەوی شێوازی چیرۆک و رۆمانی مۆپاسان و تورژنێف و گۆگۆل و شۆلۆخۆف و هەمنگوای و ولیەم سارۆیان و عەبدولرەحمان مونیف و حەنا میناو هتد دەکەنەوەو هەرگیز خۆیان لە قەرەی شێوازی ناتالی سارۆت و خوان رۆلفۆ و ئیتالو کالڤینۆ و مارگرێت دۆراس و کافکاو ئالان رۆب گرێیە و ولیم فۆکنەر هاوکووفەکانیان نەداوەو لە رووبەری جوگرفیای رۆمان و چیرۆکی کوردیدا نەیان ئەزموونandووەو مەشقکارییان تیادا نەکردووە.. ئیتر نازانم چ کۆتێکیان شکاندووە.. چ زنجیرێکیان پچراندووە، بەڵام ئەگەر سەرنجی بەیاننامەکەی گرووپی کفری بدەین، دەبینین:

١- بەیاننامەکە ئەقڵگەریی تیا نییەو سەرکێشانەیەو سەرشێتانەیەو ناونیشانەکەی (شێتەکان.. سەرنج... هەڵوێست.. پرۆژە) راکێشەرەو شتێکی نوێ دەگەیەنێ.. بەبێ ئەوەی هاتوهاواری نوێگەری بکات لێوانلێوی نوێگەرییە..

٢- بەیاننامەکە نزیکەی نۆ خاڵی گرتووەتە خۆی و لە هەشت خاڵیدا باسی شیعر و شاعیر دەکەن و لەبارەی شۆڕشی شیعرەوە دەدوێن و رۆحی یاخیبوون و جۆرێک لە جۆرەکانی سوریالیزم رووماڵ و پێڕەو دەکەن.

٣- جۆرێک لە جۆرەکانی بوونگەری و پووچگەری لە بەیاننامەکەدا پێڕەو کراوەو تیادا هاتووە: (بەلامانەوە گرنگ نییە چۆن و بۆ کێ دەنووسیت، تەنها ئەمانەوێ بێ ترس و بێ ئاوڕدانەوە بنووسیت.. هتد) ئەمە خۆی لە خۆیدا جیاوازییەکی گرنگە لەگەڵ بانگەوازەکەی روانگەدا و ئەوان ئەرک دەخەنە سەرشانی نووسین و ئێمە لە ئەرک و رابوردوو رەهای دەکەین..

٤- ئێمە هەموو شیعری کوردی لە سەرەتاوە تاوەکو ئەودەمە چز و فت و قت دەکەین و داوای شاعیرو شیعرێک دەکەین کولتووری رابوردوو ئاگر تێبەربدات و بیکات بە خۆڵەمێش، ئەوەتا لە بەیاننامەکەماندا هاتووە: (تاوەکو ئێستا هیچ

هەستیارێکمان نەگەیشتووەتە ئەنجامێک کە بەبێ ترس و ئاوڕدانەوە ئاگری هەڵبەستی خۆی خۆش بکاو هەموو دارستانە رزیوەکانی پێ بسووتێنێ).

٥- لە خاڵێکی دیشدا هاتووە: (هەرچیمان هەیە تەنها تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە.. بۆیە ئێمەش کەلەپووری هۆنراوەییمان بە شێوەیەکی گشتی بە دواوە ئەدەین و لێی یاخی ئەبین و هتد)، کە ئەم خاڵە خۆی لە خۆیدا بانگەشەی گۆڕانکارییەکی بەردەوامە..

٦- ئێمە شاعیرێتی و نووسەرێتیمان بە کارێکی خۆرسکی ناودێر نەکردووەو شاعیرێتیمان پابەند کردووە بە رۆشنبیری و دەروونزانییەوە.. و ئەوەتا لە بەیاننامەکەماندا هاتووە: (هەستیاری راستەقینە ئەبێ شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لە هەموو رۆشنبیریی جیهانداو لە پشکنینی دەروونی خۆیدا.. هتد)، ئەمەش خاڵێکی نوێیە لە جوگرافیای مێژووی وێژەی کوردیدا، بەر لە ئێمە باس نەکراوە..

٧- بەیاننامەکەی ئێمە.. بانگەواز نییە، بەڵکو پرۆژەیە و هەنگاونانە و لە بەیاننامەکەدا هاتووە: (بانگەواز ناکەین.. نانەڕێنین.. ناگرین.. پرۆژەمان داناوە..هتد)

٨- بانگەوازی روانگە شەش کەس ئیمزایان کردووەو بەیاننامەکەی گرووپی کفری دوو کەس ئیمزایان کردووە.. هەردووکمان بەلای کەمەوە هەریەکەو حەوت هەشت نۆ ساڵێک لە هەندێکیان و دەوری دە ساڵێکیش لە هەندێکی دیکەیان مناڵترین و ئەمەش وای کردبوو بە دیدێکی نوێترەوە تەماشای ئەزموونەکانی ژیان بکەین..و ئەقڵگەری بخەینە لاوەو سەرکێشانەو سەرکەشانەو.. وەکو پۆست مۆدێرنیزمی ئەودەمە بیربکەینەوەو سەرنج بدەین..

## سەربووردە و هەواڵ و باسەکانی دی...

لە ژمارەی -٢و٣-ی ساڵی ١٩٨٤ی گۆڤاری «الاقلام»دا مامۆستا حسێن عارف ئاماژە بەوە دەکات کە پێش بانگەوازەکەیان لێرەولەوێ نووسەرانی بەهرەمەندی نوێخواز هەبوون و لە چاو وەچەکانی پێش خۆیان و هاوچەرخی خۆیاندا دیدو روانینێکی نوێیان پێ بووە دەربارەی چالاکییە ئەدەبییەکان و ئەمەش دانپیانانێکی دیارو ئاشکرایە بە ئەندامانی گرووپی کفریدا..

هەروەها لە برگەیەکی بانگەوازەکەی روانگەدا تارمایی ددانان بە بوونی کەسانی نوێخوازی دیکەدا بەدی دەکرێ..

لە ژمارە ٣٥ی ١٩٧١/١٠/٢دا مامۆستا ئەحمەد تاقانە ئاماژە بە دەستپێشخەریی ئێمە دەکات و دەڵێ: (مایەوە کۆمەڵە نووسراوی سێهەم.. ئەوەش ئەو پارچە نووسراوانەن کە بە رستەی کورتکورتی لە کێش و سەروا رزگاربووەوە نووسراونەتەوە.. لەم دواییەدا -لەتیف هەڵمەت- بۆ یەکەمجار بەوجۆرەی نووسیبووەوەو بە هەڵبەستی تازەی داهێنراوی دانابوو.. بۆ نموونە لە دیوانی «خواو شارە بچکۆلەکەمان»دا و لە لاپەڕە ٤٣دا وشە سووتاوەکان دەبینین، تیایدا ئەڵێ:

کپی و خامۆشی خۆڵەمێشێکی نەبینراوە لە دەلاقەی زامەکانەوە

هەناسەی ژیان لە رێگاکانا ئەدزێ

باوێشکی تاریکایی شەختەیەکی تەزیبوو زبرە

ئەیەوێ ئەژنۆی مێژوو بشکێنێ.. هتد

ئەنجا لە وتارەکەدا ئەحمەد تاقانە دەڵێ:

هەر لە پاش ئەوەشەوە «شێرکۆ بێکەس» بەوجۆرەی نووسیبوو لەژێر ناوی «پەخشانی نوێ»دا بڵاوی کردبووەوە. بەلای منەوە یا بۆ ئەوە پەردەی پەخشانی نوێی بەسەر ئەو نووسراوەدا دابوو.. بۆ ئەوەی خەڵکەکە نەڵێن لاسایی «لەتیف هەڵمەت»ی کردووەتەوە.. وەیا ئەوەی بە خەڵک بگەیەنێ کە ئەویش ئەتوانێ شتی وا بنووسێ..

بەڵام ئەوە پەخشانە. ئەمەش چەند دێڕێکی لە (زەردەپەڕی دوو ئێوارەدا)کەی «شێرکۆ بێکەس» کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە -٦١-ی ساڵی دووەمدا بڵاوکراوەتەوە:

(لە زەردەپەڕی ئێوارەیەکی هەزارو نۆسەدو شەست و پێنجا کە خەمی ناکۆکیمان لە ئەشکەوتی دەربەندەکەدا دەسکەنە ئەکرد.. تا ئەبوو
بە شاخی خەرمانێکی رەش و کێوەکانی
بەردەممانی دائەپۆشی...
لەو ئێوارەیەدا تەتەرێکی کەڕوالڵ
کە لەناو تەم و دووکەڵی شارەوە هاتبوو..
گەیشتە لامان.. هتد

***

منیش لەگەڵ مامۆستا تاقانەدا دەڵێم ئەم نووسراوەی کاک شێرکۆ پەخشانەو شیعر نییە... پەخشانی نوێش نییە... و نووسینێکی زۆر باو و ئاساییەو لە نامە دەچێ..

***

هەروەها لە کتێبی (یادکردنەوە ئەستێرەگەشاوەکانی ئەدەب و هونەر)دا کە ساڵی (٢٠٠٢) بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی چاپی کردووە، برای شاعیرو ڕۆژنامەنووس دانەری کتێبەکە کاک مارف ناسراو لە بابەتێکدا کە بە ناونیشانی (لەتیف هەڵمەت و هەزارەی سێیەم) لە لاپەڕە ١٦٦ی کتێبەکەدا بڵاوی کردووەتەوە باسی سەردەمی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم و تاقیکرنەوە ئەدەبی و شیعرییە نوێخوازەکانی ئەو ساڵانەو دەستەی ڕوانگەو برادەرانی گرووپی کفری دەکات و دەڵێ:

(شاعیری یاخی بوو لەتیف هەڵمەت جێی بە خۆی نەدەگرت و ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرابوو، هەر ڕۆژەو بۆ شارێک دەگەڕاو لە هەموو کۆڕو کۆمەڵێکدا قوت دەبووەوەو ئەیویست زۆر لە نزیکەوە ڕاو بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە یاخی بوون و نوێکردنەوەی شیعرو تازەگەرێتی بۆ خەڵکی شیکاتەوەو بیسەلمێنێ کە گرووپی کفری لە پێشترە لە نوێکردنەوەی ئەدەبدا بەر لە دەستەی ڕوانگە.. بۆ بەڵگەش دیوانە شیعرییەکەی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) کە بەر لە دەرچوونی بەیانی دەستەی ڕوانگە چاپکراوەو بڵاوبووەتەوە بە هەمیشە لە بن هەنگڵیدا بوو...).

ئیتر سوپاس بۆ خوێنەران و هیوادارم بەم نووسینەم هەندێ ڕێگەی تاریکم ڕوون کردبێتەوە.